# سێ شیعر



Maria Wine

## ماریا ڤینه

2003 -1912

1

بە تیرت لە ناوم بمێنەوە
تا بە لەداردانم بتوانم
لە منداڵدانمەوە خۆری بچوک بزێنم.
بە سەری پەنجەکانت یاری بە مەمکەکانم بکە
تا بە پێکەنینەوە بۆ بۆشاییەکان هەڵبکشێن.
وەک کەوانێک جەستەم بگرە، لێ رووی لە جەستەی خۆت بکە
تا، سەرکڵی چێژ دەمانوەشێنێ.

2

من داوام نەکرد
لەدایک ببم و
کەسیش
بەخێری نەهێنام بۆ ژیان
کەچی،
دەبێ مەرگم بدەمە ژیان.

3

ئەم بێ دەنگ کەوتنەی بەفری نەرم،
ئاونگی زیوینی یەکەم باران و
سەمای ئاگری دەست پیاهێنانی تۆم
خۆشدەوێ.

لێ، دەبێ ئاگادار بین
زریانەکان بەسەرماندا هەڵنەکەن
رووبارەکانی باران نەمانخنکێنن
ئاگرەکان تەشەنە نەکەن
دارستان بسووتێنن.

ئاماوێ
هەریەکەمان بە گۆزەیەکی پڕ لە خۆڵەمێشی گریاوەوە
دانیشتوو بمێنینەوە.



وەرگێڕانی لە سوێدییەوە
رزگار شێخانی

rizgar_shekani@yahoo.se

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com